# شوان داودی لە گێژاوی ( بۆ؟ ) دا

هەڵۆ ئەحمد

لە ژمارە ( 186 ) ڕۆژی ( 24/6/2007 ) هەفتەنامەی ( هەواڵ ) دا (شوان داودی) سەرنوسەری هەفتەنامەکە سەروتاری ڕۆژنامەکەی لە ژێر ناوی ( حەیفێکم بۆ ئەو حزبە جوانەی هاوڕێ لینین ) بلاوکردوەتەوە, لەوێدا ( شوان ) دەیەوێت بە دیاری کردنی ( 3 ) خاڵ وەلامی یەکێك لە ( بۆ؟ ) کانی بداتەوە و بە حسابی خۆی گرێیەك لە هۆکارەکانی کشانەوەی جەماوەری حزبی شیوعی کوردستان دەست نیشان بکات.

ئەو برادەرە کە هەموان خۆی و ڕۆژنامەکەی دەناسین و قەڵەم و نوسراوەکانیشی ئاشکران لەو گێژاوی ( بۆ؟ ) یەدا کە بەرۆکی خۆی و حزبەکەی گرتووە ( دیارە ئەو خۆی بە ڕۆژنامەنوسێکی سەربەخۆ دەزانێت ) هاتووە و دەیەوێت بە خۆی و ڕۆژنامەکەیەوە بە کێوێکدا هەڵشاخێ کە ئەو نمونەکانی ئەو و زۆریش لەو جەربەزەتر و دڕندەتر هەوڵیان بۆدا و نەیان توانی لەکەداری بکەن و لەبەرنامە و هەنگاوەکانی کەم بکەنەوە.

شوان لە قولایی ئەو گێژاوەدا بۆ خۆدەرباز کردن و لەگەڵ خۆدا ناشرین کردنی ئەوانی تر کەوتوەتە موعادەلە و پرسیارێکەوە کە هەرگیز کاری ئەو نیە و مەبەستیشی ئەوەنیە بەلای پرسیار و هۆکارێکی لەو جۆرەدا بگەڕێ ئەوەندەی ئەوەی ئەم نوسینەشی بە دەست بردن بۆ پوشێکی تر داناوە لەکاتی خنکاندا, ئەگینا ئەگەر مەبەستی ڕاستەقینەی گەیشتن بێ بەو پرسیارانە زۆر ئاسان و زانستیانە هۆکاری ئەو کشانەوەیە درك پێ دەکات.

( داودی ) گەر تۆ هێندە شەیدای پرسیار و ڕێکخستنی موعادەلەیت و دەتەوێت لە ڕێیەوە خەمخۆری ڕۆژنامەنووسانەی خۆت دەرخەیت فەرموو بەدوای ئەو ( بۆ؟ ) یانەدا بگەڕێ کە قەڵەمی چڵکاو خۆرانەی خۆت و هاوشێوەکانت و کارەکانی حزبەکەت لێ ی بەرپرسیارن و ولات و میلەتێکیان سەرنگونی مەرگەسات کردووە.

گەر تۆ هێندە وورد سەرنجیت و ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆت لەبەردەستدایە باشتر نیە گەندەڵیەکانی حزبەکەت دەستنیشان بکەیت کە بەهۆیەوە جەماوەر و ژمارەیەك لە قاعدەی حزبەکەتی نغرۆ کردووە و قیادەی حزبەکەشت لە کەناری خۆش گوزەرانیەکانیدا گوزەر دەکەن ؟

ئاگات لێ نیە ( 14 ) هەزار کەس لەژێر سایەی حزبەکەت دا دوو مووچە و سێ مووچەیان وەرگرتووە و لەولاشەوە دایك و کەسوکاری شەهیدان دەبێ هەموو سەری مووچەیەك دەیان فەرمانگە بکەن تا بەناو مووچەیەك وەردەگرن؟ لەکۆی بویت تۆ؟ پرسیار و موعادەلەکانت چی لێهات؟ کاتێ ( 650 ) هەزار دۆلار بۆ خانووی بەرپرسێکی حزبەکەت خەرج دەکرێت و لەو لاشەوە بە پێی ئاماری ڕەسمی ( 522 ) حالەتی جیابوونەوە

( تەلاق ) لەماوەی پێنج مانگی ڕابردوو لە ناو شارەکەت تۆمار دەکرێت کە هۆکاری زۆرینەی ئەو جیابونەوانەش کێشەی نیشتەجێ بوونە.. ( ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ ( 3999 ) لە ( 2006/6/20 ) لا پەڕە2 )

ئاگات لەو بەرپرسە داماوانەی حزبەکت نیە گەڕەکـەکانی سەرچـنار و عـەقاری جـێ دەهـێڵن و بـۆ گـەڕەکی ( فیرعەونەکان ) دەستکردی دەسەلاَتی ناعادیلانەتان هەڵدێن و ملیۆنان دیناری ئەم ولاَتە لە خۆشگوزەرانیاندا سەرف دەکەن ؟ ئاگات لێیە هەزاران دەرچوی کۆلێژەکان خەون بە ڤیزە و درێژەدان بە خوێندن لەدەرەوە دەبیـنن و لێپرسراوانی حزبەکەشت جەژنەکانیان لە ( شرم الشیخ و لوبنان ) دەبەنەسەر ؟

بێ ئاگابویت ؟.کوا ئەو کاتانە ( بۆ؟ ) کانت چی لێهات؟ ئەرێ ئەگەر بەلای ئەو ( بۆ؟ ) یانەدا بچیت چارەنوسـت چی دەبێت ؟ چڵکاوەکەت نابڕێت ؟

برادەر خۆ بەتەنها گەیشتن بە دەسەلاَتی حزبێك نیشانەی ڕاستی و ڕەوانی وبەرهەڵسکاری و بچوك بوونەوەشی نیشانەی هەڵە و کەموکوڕی نیە ,هەروەك چۆن ئەو ڕۆژنامەنوسانەی قەڵەمەکانیان ( هاوشێوەی جـەنابت ) لـە خزمەتی پاکانەو ماستاو و شێواندنی ڕاستیەکان و ئەوانەش قەڵەمەکانیان لە ڕەخنەدا خستوەتەکار ,ژیانی ڕەفاهی ئێوە و کولەمەرگیەکانی ئەوان نیشانەی پاکی و ڕاستی ئێوە و گوناهباری ئەوان نیە..

من دڵنیام هانیان داویت هەرچۆنێك بێت هەوڵ بدەیت گازندەی ڕای گشتی جەماوەر و توڕەییەکانیان بە هێنانە کارای پرسیار و موعادەلەی وەك ئەوەی ئێستا کەم کەیتەوە, یان ئەوەیە کە جەنابتان ئەو موعادەلەیەتان بۆ حەل ناکرێت کە حزبی شیوعی بەو ئیمکانیەتە مادی و کادریەوە, بە هەموو فـشارە جـۆراو جـۆر و ناڕەوایـەی یەکێتی و پارتیەوە و دوور لە هەموو ئیمتیازاتەکانی دەسەلاَت چـۆن دەتوانێـت لـە شـارێکی وەك کـەرکوك دا جــەماوەرێکی مەعنــەوی کۆبکاتــەوە و دواتــریش مەراسـیمی یادکردنــەوەی ( 43 ) ســالَّەی شــەهیدانی ( 23/حوزەیرانی/1963 ) بکاتــەوە و وەك ئــەوەی بینیــشمان بــە ئامــادەبونی جــەماوەرێکی زۆر لــەو فــەزا نائەمنیەدا یادی ئەو شەهیدانەی بکاتەوە کە ئێوە بە ناڕەوا بەری خوێنیان لە ململانێی ناشەریفانەدا بە فیڕۆ دەدەن.

بەش بەحاڵی خۆم دڵنیام تۆ کوڕی پرسیار و چارەسەر و هاوسەنگ کردنی موعادەلەکان نیت بۆیە بەلاَم گەر تۆ سوریت لەسەری, من پێت دەڵێم باشتر وایە ڕۆژنامەکەت بکەیتە ڕۆژنامەیەکی نهێنــی و نــاوخۆیی حزبــی و لــە ڕێیەوە موعادەلە سەیرەکانتان چارە بکەیت و فریای گەندەلیەکانتان بکەون تا کار لـەکار نـەترازاوە و ئـەم ئامۆژگاریەش لە من قبوڵ بکە........